# گووڵچنێک له باخچه ی منداڵاندا

زاریا شێخانۆڤه

به یانیه وپه پووله ی به فر به ئاسپایی ئه نووسیٚ به ڕوومه تی په نجه ره که وه ، وه ک بڵێی له درزی په نجه ره که وه بیانه ویٚ بێنه ژوره وه . به لاّم ئه م په پووله سپیانه ، پاش نه ختێک ، دانه دانه به سه ر
ڕوومه تی په نجه ره که وه ئه توێنه وه. دره خته پیرو داوێن شۆره کانی سه رشه قامه کان ، وه ک پیره پیاوێک که ته ڵه موویه کی ڕه ش به قژیه وه نه مابیٚ ، له ژێر گرانی به فری ده مه و به هار دا سڕ بونو
جوڵه یه ک ناکه ن .
ئه مه ویٚ بچمه ده ره وه ، به لاّم ئه ترسم چونچرکی ساردی سه رما ڕوومه تم برنێته وه . ته له فیژۆنه که هه ڵ ده که م به لاّم هه مووشته کان هه روه ک سبه ینێی چوونه سه ر کار دووباره ن . دێم له به ر په نجه ره که دائه نیشم و ده روانمه مه یدانی یاری کردنی منداڵان که فه رشی نه رم و سپی به فر داپۆشیوه.
منداڵان له ده ره وه قیژه یان دێو، ڕائه که نو ، خێرا خێرا به فر تۆپه ڵه ئه که نو ئه یکێشن به سه روگوێلاکیی یه کتردا. گوێم له ده نگی لیندایه چۆن وه ک که روێشک ئه زیقێنێو ، به ناو به فره نه رم وشله که دا ڕا ئه کاو ، له گه ڵ منداڵه چاو شین و قژ زه رده کانی تردا یه ک ئه ده ن به زه ویداو ، به فر ده ماڵن به ده موچاوی یه کدا .
له به یانیه وه له و باخچه و مه یدانی یاری کردنه ، ده نگی پڕ له سۆزی منداڵه به رزئه بێته وه . ئه و ده نگه ناسکو تیژو گه رمانه ، وه ک به فره که نین ، به قه دپه نجه ره که وه بتوێنه وه و نه توانن خۆبکه ن به ژووره وه . ئه م ده نگانه ئه م هاواری خۆشیوشادیه ، که هه موغه مێک ده ڕه وێننه وه ، له درزی په نجه ره که وه به ئاسانی دێنه ژوره وه و تێکه لاّوی شاڕه گه کانی ده مارت ده بن و مێشکت ئارام و دڵت ڕوشنده که نه وه .
ئا یه له ده نگی منداڵ خۆشترو له چاوی پڕله شادی منداڵ گه شترو له جیهانی منداڵ جوانترو له پێکه نینی منداڵ شرینترو پڕنه واتر هه یه؟
هه ر چۆن گه وره سالاّن منداڵان فێر ده که نو پێده گه یه نن، به وشێوه یه ش ده کریٚ گه وره سالان زۆر شتی جوان و دڵگیر له منداڵانه وه فێربن. من زۆر خۆشحاڵم که منداڵه که م له م حه وت به هاره ی ته مه نیدا، حه وت ساڵه ده سم ده گرێو ، جیهانی پر له خۆشه ویستی منداڵانم پێده ناسێنیٚ ، له ده مار
گرژی و تاکه که سیو خۆپه رستی دوورم ده خاته وه . ئه و به په نجه ناسکو بچکۆڵه کانی ده روازه ی باخچه یه کم بۆ ده خاته سه ر پشت، که گووڵه کانی بۆنی خۆشی ئینسانیان لێدیٚ، ئینسانی ڕاسته قینه.
ئه و ئینسانانه ی که به کۆمه ڵ یاری ده که ن و به کۆمه ڵ پێده که نن و بیٚ جیاوازی که ره سته ی کایه و یاریه کانیان له ناویه ک به شده که نو ،پێستی ڕه شو پێستی سپیو ،چاوی شینو چاوی ڕه ش بۆ ئه وان هه ر وه کو ڕه نگه کانی سروشت جوانن و، جیاوازی ناخه نه ڕه گه زو ناسنامه ی یه که وه .
ئه گه ر که سێکیش بگریه ، به کۆمه ڵ ده یخه نه وه پێکه نین.
ئه گه ر هه نگاویٚ له ولاوه له یه ک تووڕه بوون ، به لاّم هه نگاوێکی تر له م لاوه بزه و خه نده

جێگای ده گرێته وه . ئه وان دوونیای ڕقو کینه و ،توندو تیژی ناناسن و ، له باخچه و مه یدانی یاری کردنی ئه وان ، هه مووشتێک جوانی و خۆشه ویستیه.

له ماڵ ده رئه چم ، ئه ڕۆم بۆناو منداڵه کان، له گه ڵیان ئه که ومه یاری، به هه موویان تێم ده ئاڵێن.

ده مده نه به ر تۆپه له به فر،له ده سیان هه ڵدێم . ده نیشنه سه رمه وه ،ده که وم، به فر بارانم ده که ن .

ده موچاوم به به فر سواق ئه ده ن، ئه زرکێنن، ئه قروێنن، ئه په ڕنه سه روگوێلاکم، ئاخ که چه ند خۆشه ، خه ریکه له ده روونه وه منداڵ ئه بمه وه ، خه ریکه به م نه خته کایه یه ، گه وره ساڵیم له بیر ئه که م و ، هه ر به و شێوه یه ش دوونیای نابه رابه ری گه وره ساڵان ، ئه و دوونیایه ی که سبه ینێ ،

ئه مانیش ده گرێته وه و ئه م باخچه گشتیه یان لێده شوێنێ .

به ڵام نا من هه ڵه م ! دوونیای سبه ینێی ئه م خنجیلانه نابێ وه ک دوونیای ئه مڕۆ بێت.

بێگوومان ئه م ئینسانه مه زنانه و ته نها ئه مانه ،ده توانن مێژوی سبه ینێ به شێوه یه کی تر

ده سپێبکه ن. فریای خۆم ده که وم و له ده سیان هه ڵدێم. به ڵام وازم لێناهێن، ماندو ئه بم و خۆم ئه که م به ژووره که دا. منداڵه کان هه موو یان پێده که نن و خۆشحاڵن که له شه ڕه به فردا به سه رم دا زاڵبوون. زمانم لێده رده هێنن و ئه زیقێنن و گاڵته م پێده که ن، منیش وه ک پیره ورچێ ئه مۆڕێنم و زمانیان لێده رده هێنم.

ئه وان دووباره ڕاده که نه وه و یه کتر له ناو به فره که دا ده گه وزێنن. منیش ئه چمه ژووره که ی لیندا و له سه ر کورسیه بچوکه که ی ئه و دائه نیشم و له ناو قه ڵه مه ڕه نگاو ڕه نگه کانی ، قه له مێک

ده ر ده هێنم و ئه و چه ند ڕسته یه یی سه ره وه ده نووسم.

هه ست ئه که م عاره قه م کردووه. به ڕاست. ئه گه ر منداڵان نه بوونایه ، له م زستانه سارده ی ئه وروپایه، چۆن عاره قه م ده کردو ، چۆنیش گه رم ده بوومه وه !

19.01.2005